کۆمیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست ژمارە ٤ یەکشەممە ١٣٨١/٢/١ Apr.21th .2002

# بژی ((١))ی مانگی مەی (١١ ی گولان) ڕۆژی جیهانی کرێکار

## خەلکی کرێکار و زەحمەتکێش.

جوولانەوەی کرێکاری لەسەر زەمینەی قەیرانی ئابووری و لەبەر دیفاع لە مافەکانی ئەساسی خۆی هەروا درێژەی هەیە، و خەریکی پەرسەندنە. مانگرتن و خۆپیشاندانی کرێکاران و سەرجەم خەلکی زەحمەتکیش لە مەودای یەك سالی رابردوو نیشان دەری ئەمەیەکە خەباتی ئابووری چینی کرێکار کە یەکێك لە جورەکانی خەباتی ئەم چینە دژی بۆرژوازی خەریکی ڕێکخستنی خۆیە و پیێ بە پیێ توندبوونی قەیرانی ئابووری و سیاسی لە ئیران لە باری چونیەتی گەشە دەکات و لە جوولانەوەکانی خۆ بەخۆیی و کاتی دەگوریتە خەباتێکی ئابووری ڕێك خراو و بەردەوام و لە رەوتی پەرەساندنی و بە پیێ تووندبوونی قەیرانی ئابووری و سیاسی لە ئیران دا جورەکانی تری خەباتی چینی کرێکار دژی سیستەمی چەوساندوە و سەرکوت دیتە ئاراوە. واتە خەباتی سیاسی بەمەبەستی بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسی. بەلاّم بەلەبەرچاوگرتنی نەبوونی وشیاری وتیێگەیشتنی چینایەتی و سیاسی و ڕێکخستن پتەو لەناو ئەم چینە و هەروەها سیاسەتی سەرکوت و توقاندنی دەسەلاتداری مانیای هیز و دەسەلات، بوونی ڕێکخراوی سیاسی شۆرشگیر کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبیێ لەگەلّ ئەم چینە زۆرتر لە هەموو کاتێکی‌تر پێویستە تاکو جوولانەوە و تیێکۆشانی ڕێکخراوی سیاسی و بزووتنەوەی کرێکاری بەجێگای جوولان لە پالّ یەك دا، پەیوەندێکی قوول و نیێزیکیان هەبیێ. هەر چەند کە بزووتنەوەی کرێکاری لەم بارەدا پیش ترە، بەلاّم هێشتا شوینێك کە ئەم دوهێزە پێکەوە گریێ بدات پێك نەهاتووە.

و بەبیێ بوونی چالاکانەی ڕێکخراوی سیاسی کرێکاری لەناو جوولانەوەی کرێکاری و پەیوەندی پتەویێ لەگەلّ ئەودا، بەربلاّو و بەبیێ ڕێکخستن و لایەنی ریاریکراوە و دەبێتە هۆی سەرکوتی زۆرتری ئەم جوولانەوە لە لایەن رژێم و دەستکەوتەکانی بۆ چینی کرێکار کەمتر دەبیێ.

و لە باشترین حالّدا لە ئاستی خەباتی ئابووری کە هیچ کات ئامانج نیە بەربەست دەکریێ.

دەسەلاّتداری ٢٤ سالّ حکومەتی نەزانی و جنایەت و سەرکوت و زیندان نەك پێویستی بیتە گۆرانکاری ورد یان ریفورم و لەکۆتاییدا دەستکەوتی وردی ئابووری و تا رادەیێك باش بوونی وەزعی ئابووری و ژیان و گوزەران کە ئەمەیشە بە لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی ٢٤ سالّی رابردو و بە هیچ جۆرێك چاوەروان ناکری جگە لەوەی کە وەزعی ژیان و گوزەرانی خەلّکی کرێکار و زەحمەتکیش رۆژ بە رۆژ خراپتربیێت و لە بەرانبەردا بە مالّ و سامان و سەرمایەی دەسەلاتدارانی خوێن مژ زیاد بکریێ بەلّکو رووخانی شۆرشگیرانەیەتی هەر بویە بەربەست کردنی خەباتی خەلّکی کرێکار و زەحمەتکیش تەنیا لە سنووری خەباتی ئابووری یارمەتیە بە مانەوەی دەسەلاتی داسەپاو و هەژاری و برسیەتی کۆمەلانی خەلّك.

ئەزموونی ٢٤ سالّەی رابردوو رووخانی دەسەلاّتی داسەپاو پێویست دەکا و ئەویش تەنیا لە رێگای خەباتی سیاسی چینی کرێکار و لە کوتایی دا خەباتی کینەیی لە بەرززترین شیێوازی ئەو واتە راپەرینی چەکدارانە و رێبەری جوولانەوەی گشتی خەلّکی لەلایەن ئەم چینە مسوگەر دەبیێ.

<u>بەلاّم ئەرکی ئیێمە،</u>

با لە ((١))ی مەی ئەمسال دا ئەرکەکانمان بەباشی بناسین، با سنوورەکانمان لەگەلّ رەوتی هەل پەرەست و خزمەتکارانی بۆرژوازی تێکەلّ نەکەین و بەخەباتی ئایدولوژێك لەگەلّ ئەوان پەیوەندیمان لەگەلّ چینی کرێکار و جوولانەوەی سەربەخۆی ئەوان پتەو بکەین. با بەشکاندنی کەش و هەوای ترس و دیکتاتۆری و بەکردەوە بۆ دامەزرانی ئەم پەیوەندیە هەنگاوی جیددی هەلّگرین.

خەلّکی کرێکار و زەحمەتکێش، دانشجووەکان و قوتابیان، لاوان، پورسینلی شورشگیر، حکومەتی نەزانی و جنایەت، گرتن و ئەشکنجە و زیندان و ئیعدام و لە یەك قسەدا دەسەلاّتی هەژاری و چارەرەشی بە هیێز و توانای لەبن نەهاتووی ئیێوە دەرووخیێ، راپەرن و بۆ هەمیشە کۆتایی بە دەسەلاّتی نکبەت باری ئەم حکۆمەتە بیێنن.

بەهیێزتربیێت بزووتنەوەی چینی کرێکار
کۆمیتەی کوردستانی
ڕێکخراوی یەکیێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

❖ بەریێوە بردنی بریارەکانی سەدەی ناوەراست لەم سەدەیەدا(بەشی دووهەم) لاپەرەی ٢

شۆرشی گەلی فەلەستین و بەردەوامی خەباتی کینەیی خەلّك لاپەرەی ٤

یادی هاوریێ شەهیدی فیدایی مەرزیە ئەحمەدی ئوسکویی لاپەرەی ٦

کۆماری ئیسلامی و تەبلیغاتی دوور لە راستی لاپەرەی ٧

سیستەمی نویێ جیهانی یان جیهانی کردنی سەرمایە لاپەرەی ٧

**کار، خانوو، ئازادی، کۆماری فیدراتیوی شوورایی!**

ئەلف: فیودالیزم و ڕۆڵی دەرەبەگەکان لە ڕەوتی داهاتووی کۆمەڵگا.

لەگەڵ بەڕێوەبردنی ڕیفورمەکانی زەوی پێوەندیەکانی داسەپاوی فیودالیزم لە سەر خانی سیاسی کۆمەڵگا هەڵگرا و پێوەندیەکانی دەرەبەگ و جووتیار گۆڕا. بەڵام فەرهەنگی دەرەبەگی لە کۆمەڵگا ماوە. زەویە باشەکانلە دەستی دەرەبەگەکان و بارەگای شا وەك خۆی مایەوە و بە کرین و زیاد کردنی زەویەکانی تر وەك کۆمەڵە زەویەکانی کشت و کاڵ و باخ و باخات، لەگەڵ پێوەندیەکانی سەرمایەداری دەرهات. دەرەبەگەکان بەوەر گرتنی پارە بە شێوەی قستی لە بەرانبەر دانی زەوی بوونە خاوەنی سامانێکی زۆر و لە بازرگانی و پیشەکانی پێوەندی دار سەرمایەدانانی و بۆرژوازی پێوەندی دار بە فەرهەنگی دەرەبەگیان پێك هێنا.

ب: جووتیاران.

زەویەکانی ڕاسپاردراو لە بەرانبەر وەرگرتنی پارە بە شێوەی قست بە جووتیاران درا. لەگەڵ پارچە پارچە بوونی زەویەکان و نەبوونی سەرمایە و ئیمکات لە بەرانبەر ڕووداوەکانی سرووشتی ڕادەی بەرهەم هێنان دابەزیو و زۆربەی جووتیاران بە دەس هەڵگرتن و ڕاسپاردنی زەویەکانی خۆیان هاتنە شارەکان و بوون بە قەراخ نشینی شارەکان و خەریکی کارکردن لە کارخانەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنان و خزمەت گوزاری بوون

پ: پیاوە ئاینیەکان و زەویەکانی ئەوقاف دوای ڕیفورمەکانی زەوی.

پیاوە ئاینیەکانی لەگەڵ ڕیفورمەکانی زەوی دژایەتیان کرد. زۆربەی زەویەکانی ئەوقاف کە سەرچاوەی داهاتی ئەوان بوو لە ڕیفورمەکانی زەوی دوورکەوتن و لەگەڵ پێوەندیە کۆنەکان بەڕێوە دەچوون پیاوە ئاینیەکان بە دامەزراندنی قوتابخانەکان و پەروەردە کردنی نوێ بە تەواوی و لە پەروەردە کردنی ژنان بە تایبەتی بە قۆتابخانەکان بە توندی دژایەتیان دەکرد. بە دامەزراندنی سوپای زانست و تەندروستی. پێگەی کۆمەڵایەتی پیاوە ئاینیەکان لە لادێیەکان سست بوو. بە لەدەست دانی قووتابخانەکان ڕخنەی پیاوە ئاینیەکان زۆر لاواز بوو.

.

پاش سەرکوت کردنی ناڕەزایەتیەکانی جۆزەردان پیاوە ئاینیەکان چوون بەرەوە لای بۆرژوازی توجاری کۆن و وردە بۆرژوازی . بەشی دابەشەکردنی کۆن بوون بە لایەنگری بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی کۆن.

پێك هاتن و داهاتووی کۆماری ئیسلامی.

لەگەڵ بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی ئابووری بۆرژوازی پاوانخوازی و ڕێکخستنی سەرخانی سیاسی کۆمەڵگا. بەکەڵك وەرگرتن لە بودجە و سەرچاوە نەتەوەیەکان وە دەست هات و گەشەی چینەکانی کۆمە لایەتی تووشی ئاڵ و گۆر کرد بازاری مەسرەفی نیۆخۆ کەوتە ئەستووی دەسکردەکان و داهاتەکانی سەرمایەداری ئیمپریالیستی. بەرهەمەکانی نیۆخۆ کەوتە بەر هێرش، نەبوونی پشتیوان لە بەرهەمەکانی نیۆخۆئی و داگرتنی پێوەندی کۆنی بەرهەم هێنان و دابەش کردنی بازاری مەسرەفی نیۆخۆ بەدەستی بۆژوازی تازە پێگەیشتووەکان دەرچوو و بۆژوازی ئێران نەیتوانی بنکەکانی سیفی و سیاسی پتە و پێك بێنی و تەنیا دەستی دایە چەند سکالایێك بەرانبەر بەتۆند و تیژی بۆرژوازی پێوەندیدار و بە تێ پە ر بوونی زەمان پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی لە دەست دا. لەگەڵ گەشەی بۆرژوازی پێوەندیدار بونیاتەکانی دەوڵەتی بە خێرائی پەرەی سەند لیبراڵەکان چوونە نێو بەشی دەوڵەتی وەك تەکنوکرات و بوروکرات بە خزمەت بۆرژوازی پێوەندیدار دەرهاتن. بە دەرهێنان و ڕەوانەکردنی نەوتی خاو سەرمایەدانان لە بەشی سەنعەتی نەوت و بەرهەم هێنان و دابەش کردنی بەرهەمەکانی نەوت و پیشەکانی پەیوەندیدار پەرەی سەند و لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووری پیشەکانی پێوەندیدار گەشەیان کرد. گەشەی پیشەکان و خزمەتگوزاریەکان.. بەتایبەت.. پیشەکانی نەوت بووە هوێ گەشەی سەندنی چینی کرێکار. ئەم هێزە لەسەر ئەساسی داهاتی چینایەتی دەستی دایە مانووری سینفی و سیاسی و توانی هیندێك پێکهاتەی سینفی پێك بێنێ. لەگەڵ گەشەسەندنی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا دەست درا بە دەربڕینی ناڕەزایەتی گشتی. لەوێدا کە قۆناغەکانی سەرەتائی ڕێکخستنیان تێپەر دەکرد نەیانتوانی لەگەڵ ئایدولۆژی چینی کرێکار خۆیان ڕێك بخەن و

هەموو کرێکاران و زەحمەتکیشانی تر لە دەوروبەری بەرنامەیێکی ڕێك و پێك ڕێك بخات سەرەرای ئەمەش توانیان بەپەرەپێدانی جوولانەوەکانی دیموکراتیك بزووتنەوەکە ڕادیکاڵ بکەن.

بەڵام بەشێوەیکی گشتی کەوتنە دوای جوولانەوەی گشتی کۆمەڵگا کە لەناو دەستی بۆرژوازی تجاری کۆن بوو بۆرژوازی تۆجاری بووە کارگێری ڕاستە و خۆی بۆرژوازی پاوانخواز. بۆرژوازی توجاری کۆن بووە کارگێری دابەشەکردنی پاوان خوازە نێو نەتەوەیەکان و وردە بۆرژوازی شاری لەبەشی دابەش کردن بەخزمەتی خۆی گرت. لەگەڵ پێك هاتنی بۆرژوازی مۆدێرن لەبەشی بازرگانی پێویستی گۆرانکاری لە شێوە و شێوازی دابەشکردن هاتە ئاراوە. بۆرژوازی مۆدێرنی پێوەندی دار لە ڕێگای پشتیوانی دەوڵەتی بە دامەزراندنی بنکە و فروشگاکانی گەورە و بەکارهێنانی کرێکاران لە بەشی ئاڵووگۆر پێ کردنی کەرەسە توانای دابەش کردنی بە دەستەوە گرت. لە گەڵ بە هێز بوونی بۆرژوازی پاوانخوازی پێوەندی دار و پەرەسەندنی بوروکراسی دەوڵەتی مەیل بە سەرکوتی دەوڵەتی زۆرکرا. ڕێژیمی دیکتاتۆری شا بە پەرەپێدانی سیستەمی پۆلیسی هەرچەشنە جوولانەوەی دیموکراتیکی بە توندی سەرکوت دەکرد. لەگەڵ پەرەسەندنی پاوانخوازەکان و بورۆکراسی دەوڵەتی قەیرانی گشتی لە کۆمەڵگا پەرەی سەند و گرووپە کۆمەڵایەتیەکان دژ بە یەك و لە کۆتاییدا لە بەرانبەر دیکتاتۆری ڕاوەستان. لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا و سیاسەتەکانی سەرکوتی دیکتاتۆری شا گرووپەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی بەرەولای بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هاتن. بورژوازی کۆن توانی لە ڕێگای وردە بۆرژوازی و هەستی ئائینی دا سەپاو بەسەر کۆمەڵگا و لەگەڵ ڕێبەری پیاوە ئایینیەکان جوولانەوەکانی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵ هاتوو ڕێك بخات و لە دەستی خۆی بگرێ لە بەر ئەوەی کە پاوانخوازەکانی جیهانی بە ڕادیکالیزە بوونی جوولانەوە بەرژەوەندی خۆیان لە مەترسی بینی لەگەڵ پیاوە ئاینیەکان و

←

بۆرژوازی کۆن سەودایان کرد و لیبراڵەکان بوو ن بە دەلاڵی نێوانیان و لەگەڵ پروپاگەندی بەر بلاو لە دەزگاکانی هەوالنێر بۆ بەرگری کردن لە پەرەسەندنی جوولانەوە و بەمەبەستی بە دەسەلات گەیشتنی پیاوە ئاینیەکان و بورژوازی کۆن لیبراڵە مەزهەبیەکان هەوڵیدا. بەم شێوەیە پیاوە ئاینیەکان و بۆرژوازی کۆن توانی بگاتە دەسەلات و هێزەکانی سەرکوت کەر ڕێك بخات. و ڕێژیمێك سەرتا بێ دژایەتی دامەزرێنێ و هەر ڕۆژ تووشی دژایەتیەکانی نوێ و بێ چارەسەر بێت.

دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی بە سێ دەورەی دەساڵە دەتوانین دابەش بکەین. **دە ساڵەی یەکەم لە ساڵی ١٣٥٨ تاکو ١٣٦٨**

هاوکات لەگەڵ جوولانەوەی گشتی، دامەزراوە دیموکراتیکە خەلکیەکان بەشیوەیەکی فراوان پەرەیان سەند. ڕێکخراوە سیاسیەکان دەستیان دایە چالاکی ئاشکرا و نیوە ئاشکرا. پێك هاتە کرێکاریەکان وەك شوورا، سەندیکا، سندووقەکانی بێکاری و کومیتەکانی جۆراوجۆر لە سەنعەتی نەوت و کارخانەکان و بنیاتەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری دامەزران.

زەحمەتکێشانی شار و لادێ لە شووراکان ڕێك خران و بۆ وە دەست هێنانی داخوازیەکانیان دەستیان دایە جوولانەوەی دیموکراتیك. شووراکان توانیان، ڕۆشنبیران بەرەولای خۆیان ڕاکێشن. بزووتنەوەکانی جووتیاری لە ژێر کاریگەری شووراکان بوون و بزووتنەوەی دیموکراتیکی گەلانیش بێ بەش نەبوو لە کاریگەری بزووتنەوەی شوورایی. شووراکان بەهۆی نەبوونی تیئوری و بەرنامەی بەهێزیان نەیانتوانی ڕێبەری خەباتی دیموکراتیکی کۆمەلانی خەڵك بەدەستەوە بگرن و سەرکوت کران. بۆرژوازی توجاری کۆن بە ڕێبەرایەتی پیاوانی ئائینی و بەدروشمی ئازادی و ئیسلام و حکومەتی بێ بەشان بەلێنی چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئابووری، کۆمەلایەتی، سیاسیی، دەدا. بەرووخانی دیکتاتۆری شا و گۆرانکاری سیاسی خەڵك بە دوای پیاوە ئائینیەکان ڕۆیشتن.

پاوانی ئائینی و سەرکردەکانی بازار بە ناسینی خواست و مەیلی تاکە کەسی و کۆمەلایەتی خەڵك و پێك هاتی مەزهەبی کۆمەڵگا، جوولانەوەی خەلکیان لە چوارچێوەی مەزهەب دانا و خستیانە ژێر ڕێبەری خۆیان. و جوولانەوەکانی جیا لەو چوارچێوەی ڕێبەری پیاوە ئائینیەکان دا بەناو کوفر و دووروویانە دەناسینی.

پیاوە ئائینیەکان بەدانی دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکا لە بەرانبەر دروشمی لەناو چوونی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا توانی هەر چەشنە جوولانەوەیەکی شۆڕشگێرانە و دیموکراتیك و ئازادی بیرو بۆچوون و بلاوکراوەکان بە ناو ئامریکایی بناسێنی، لە بزووتنەوەی دیموکراتیکی خودموختاری گەلی کورد وەك پیلانی دوژمنانی ئیسلام ناو ببات و بەشێکی گەورە لە کۆمەلانی خەڵك بۆ سەرکوتی جوولانەوەکان هان بدات و لە بەرانبەر یەکتر بە شەریان بدات. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی پاش ڕێکخستنی هێزەکانی ئەرتش و میلیشیای خۆی، هێرشی خۆی بۆ سەر پێ گەکانی شۆڕش بەم شێوەیە بەرێوە برد

ئەلف: بلاوکراوە و دامە زراوە دیموکراتیکەکان

ڕژیم ڕۆلی دامەزراوە دیموکراتیك و بلاوکراوەکان بەباشی دەزانی. شووراکان وەك بنیاتێکی خەلکی لە پشتیوانی کۆمەلانی خەڵك بەهرەمەند بوون. لەگەڵ پەرەسەندن و بلاوبوونی بلاوکراوەکان ئاستی تێگەیشتنی کۆمەلانی خەڵك چووە سەر و پەیوەندی بنیاتەکانی دیموکراتیك لەگەڵ چەپی شۆڕشگێر، ڕژێمی خستە مەترسی لەناوچوون و لەگەڵ پەرەسەندنی شووراکان بەکردەوە دوودەسەلاتی دامەزرا. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەستی دایە هێرش کردنەوە بۆ سەر بلاوکراوە و دامەزراوە دیموکراتیکەکان بەتایبەت شووراکانی شۆڕشگێر و بۆ بەرگری کردن لە ڕەوتی پەرەسەندنی شوورا و دامەزراوە دیموکراتیکەکان دوو بەرنامەیان بەرێوەبرد.

گۆڕینی ناو و دارشتنی پەیڕەوی و دامەزرانی پێك هاتەکانی تر..

١.

شووراکان کە پەرەیان ئەستاند بە بێ بەرنامە و پەیڕەوی ڕێك و پێك بوون و کاریان لە ژێر کاریگەری گەش و هەوای گشتی و داخوازیەکانی سنووردار و کاتی بوو. لەسەر ئەم ئەساسە ڕژێم بۆ بەدەستەوە گرتنی شووراکان دەستی دایە دارشتنی پەیڕەو و بەرنامە و بەگۆڕینی ناو و زیادکردنی دواناوی ئیسلامی، یەکێك لە گرینگترین دامەزراوە دیموکراتیەکانی بلاوە پێ کرد و لە ڕێگای ڕخنەی ڕاستەوخۆ ڕێبەری شووراکانی لە دەست هێزەکانی شۆڕشگێر وەدەر هێنا.

لەگەڵ بەهێز بوونی بەرێوەبەرایەتی و دامەزرانی ئەنجوومەنەکان، بنکەکانی ئیسلامی و ... لە دایرەکانی دەولەتی و کارخانەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری، کونترۆلی بنیاتەکانی بە دەستەوە گرت. لە زانکۆکان، دامەزراوەکانی فێرکردنی بالا و قوتابخانەکان بە دامەزرانی ئەنجوومەنەکانی ئیسلامی تێ دەکۆشێ تاکو دژی یەکیەتی و بنکەکانی دانشجوویی و قوتابیان بەربەرەکانی بکات.

بۆرژوازی توجاری کۆن بە ڕێبەرایەتی پیاوە ئائینیەکان و بەیارمەتی لیبرالەکانی مەزهەبی توانی کۆلەکەکانی دەسەلات بە دەستەوە بگرێ و بە سەقامگیری یاسای ئەساسی خۆی، ستوونەکانی حکومەتی مەزهەبی دروست بکات و شۆڕشی دژی ئیمپریالیستی بەلارێ ببات. لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی بالوێزخانەی ئەمریکا لە ساڵی **١٣٥٨** لە لایەن دانشجووەکانی پەیڕەوی خەتی ئیمام و ڕێبەری ئەو لە لایەن موسەوی خوئەینیها، لیرالەکانی لە دەسەلاتی بەرێوەبردن لا برد و هێرشی خۆی دژی بنکەکانی دژی ئیمپریالیستی دەست پێ کرد. نوێنەرانی شوورای کارخانەکان و ... بە تومەتی دژی شۆڕش، کافر، ئەمریکایی، و... گرت و ئەزیەت و ئازار و ئەشکنجەیان دا، هندیکیان زیندانی و یان لە سەرکار دەرکرد و کارخانە و دامەزراوەکانی و... بە هۆی ئەنجوومەنەکانی ئیسلامیەوە خستە ژێر ڕەکیفی خۆی.

هێرشی بردە سەر بلاوکراوەکان و ڕۆژنامە و بلاوکراوەکانی شۆڕشگێر و

←

دیموکراتی داخست، نووسەر و ڕۆشنبیرانی گرت و زیندانیان کرد. بە دانی درۆشمی شۆڕشی فەرهەنگی لە گولانی ساڵی ١٣٥٩ هێرشی بردە سەر زانکۆ و قوتابخانەکان و بنکە و بلاوکراوە دیموکراتیەکەکانی بە گرتن و کوشتنی دانشجووەکان و ئەندامانی چالاکی جوولانەوە سەرکوت کرد. و لە دواییدا هێرشی خۆی دژی شۆڕشی خەڵکی توندتر کرد.

(( بەشی سێهەم لە ژمارە داهاتوو))

# شۆڕشی گەلی فەلەستین و بەردەوامی خەباتی کینەیی



زۆرتر لە نیو سەدەیە کە فەلەستین وەك سەنتەری شۆڕشە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دژی داگیرکەری و چەوسانەوەی ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوانی، شوێن بەشوێنی ئەم وڵاتە داگیرکراوە شاهیدی فیداکاری و شەهامەتی گەلێکە کە بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای دیاری کردنی چارەنووسیان و هەروا لەناوبردنی ستەم و نابەرابەری هەستاون و لێ براوانە بۆ وەدیهاتنی هیوا و ئامانجەکانیان درێژە بە خەباتی خوێناوی و پڕ لە شانازی خۆیان دەدەن.

لە شەری ڕزگاری وڵات و ڕاپەرین بگرە تاکو بەرگری قارمانانە و بێ وێنەی ئەم گەلە بێ بەشە، هەموو نموونەیکە لە ئیرادەی پتەوی ئەو گەلەی کە هیچ شتێك جگە لە ئازادی و بەرابەری ناتوانی ڕازیان بکات و هەموو چارەسەرەکانی ئیمپریالیستی بەهاوکاری هاوپەیمانانی ناوچەیی و ناوخۆیی تەنیا وەك چارەسەرێکی کاتیە و ئەزموونی وتووێژەکانی زەوی لە بەرانبەر ئاشتی و جوولانەوەی بەردهاویشتنی جەماوەر نیشان دەری ئەم ڕاستیەیە کە گەلی فەلەستین بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و سەربەخۆیی و دیاری کردنی چارەنووسی خۆی سەرەرای بەکارهێنانی هەموو تاکتیکە لاوەکیەکان بەهیچ شێوەیك دەست لە خەباتی کینەیی خۆی دژی ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوانی هەل ناگرێ، و ئەزموونی زۆرتر لە نیو سەدە خەبات و تێکۆشانی گەلی فەلەستین ئەم ڕاستیەی دەسەلمێنێ کە ڕەمزی سەرکەوتنی ئەم گەلە لە وریایی و زانایی ئەوە، نەبوونی گۆمانیان بەنیسبەت دوژمن و لە بەکارهێنانی هەمیشەیی خەباتی کینەیی و تێکەلاوکردنی زۆر هونەرمەندانەی ئەم شێوە بەرزە خەباتە لەگەڵ شێوەکانی لاوەکی خەبات. لە ڕەوتی ئەم خەباتە دایە کە نێوانی بەرەی شۆڕش و دژی شۆڕش ئاشکرا دەکرێت و زۆر لایەنی هەلّ خواز و بێ بەرنامە بەبێ هەلّ و مەرجی شۆڕش دەبێ هەلّویستی خۆیان ڕوون بکەنەوە و پروپاگەندەی پروپووچەل و دوور لە ڕاستی لە ناو کۆمەلانی خەلك بلاونەکەن. ئەمە زەختێکە کە بەهۆی گەشە و پەرەسەندنی جوولانەوەی ئازادی خوازانەی گەلی چەوساوە بەسەر ڕەوتە کۆمەلایەتیەکان دادەسەپێ و مەجبوور دەبن کە هەلّویست وەرگرن یان بەرەی شۆڕش و شەر و بەرگری شۆڕشگێرانە و یان بەرەی بەرانبەری ئەو و پەیوەندی دانی پیلانگێرانەی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێرانیە بە دەرەوەی سنوورەکانی فەلەستین و ئیسرائیل و بە ولاتانی بەکرێ گیراوی ناوچەیی و ئەرتەشەکانی گواستنەوەی موخەدیرات ناتوانی پەردە بەسەر ڕاستیەکان داپوشێ و لەبەر چاوی بیر و بۆچوونی جیهانی کەم ڕەنگی بکات و مەجالی پیلانگێری بداتە ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوانی ناوچەیی ئەو بە مەبەستی بەلارێ

و بۆچوونی جیهانی کەم ڕەنگی بکات و مەجالی پیلانگێری بداتە ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوانی ناوچەیی ئەو بە مەبەستی بەلارێ بردن و سەرکوتی ئەم جوولانەوە شۆڕشگێرانەیە. فاکتوری دیاری کەر و زۆرکاریگەر لەم نێوانەدا بەردەوامی خەباتی کینەیی و کاریگەری گەلی فەلەستینە و بس، نەك ڕەوتی هەل پەرەست و دەوڵەتەکانی بەکرێگیراوی ناوچەیی و ئامرازەکانی دەستی ئەوان، شۆڕشی گەلی فەلەستین لە ڕەوتی پەرەسەندنی لە پەیوەند لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی خەلکی چەوساوەی ناوخۆیی ئیسرائیل بە تێپەرکردنی قۆناغەکانی سەخت و دژوار و بە ڕووخانی دەسەلاتی چەوسانەوە و داگیرکەری کە پێویستی دەسەلاتی داسەپاوە دەتوانی بە یەکجاری و بۆ هەمیشە ئازادی و بەرابەری بۆ سەرجەم خەلکی فەلەستین و ئیسرائیل بە دیاری و کۆتایی بە شەر و ماڵ وێرانی و جیاوازی و نەفرت بێنێ.

سەرکەوێ شۆڕشی گەلی فەلەستین
کۆمیتەی کوردستانی
ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست





"من نامەوێ بە قەڵەم بژیم ، بەڵکو ئەمەوێ بە ژیانم داستانەکانم بنووسم"

## به ڕێز بێت یادی هاوڕێ شه هیدی فیدایی مەرزیە ئەحمەدی ئوسکویی.

لە ڕێکەوتی ٦ گوڵانی ١٣٥٣ کاتێك هاوڕێ فیدایی مەرزیە ئەحمەدی ئوسکویی و هاوڕێ شیرین مەعازەد ڕاسپاردێکیان جێ بە جێ دەکرد ، تووشی شەرێکی نابەرانبەر بوون لە گەڵ هێزەکانی ئەمنیەتی و پولیسی ڕێژیمی شا و لەو کاتەی کە شیرین لە لایەن پولیسەوە گەمارۆ درابوو و سەرە ڕای هەوڵ و تەقەلای زۆر بە مەبەستی خۆ کوشتن لە لایەن پولیسەوە بە دیل گرا، هاوری مەرزیە بۆ دەرباز کردنی هاوڕێ شیرین هێزی هار و دڕندەی پولیسی خستە بەر دەسرێژی خۆی و لە ئاکام دا شەهید کرا و شیرینیشیان بردە ژێر ئەشکنجە. ئەوەی کە مەرزیە ئەنجامی دا نموونەی کەم وێنەی عەشق و کینە بوو. عەشق بە خەڵکەکەی و هاورێانی و کینەی بێ سنووری بە نیسبەت دوژمنانی خەڵکی چەوساوە. مەرزیە بوو بە سومبولی ژنی ئازاد و کۆمۆنیستی فیدایی. بیر و بۆ چوونی ئەم هاوریە دەتوانین لە پارچە شێعرێکی ئەو بە ناوی (افتخار) بە مانای شانازی و هەروەها لە نامەکەی کە بۆ هاورێ دایك(فاتیمەی شایگان) ناردووە بە باشی ببینین.

لە پارچە شیعرەکەی دا بە دیدێکی شۆڕشگێڕانە هێرش دەباتە سەر پەیوەندیە کانی دواکەوتووانە و چەوسێنەرانەی کۆمەڵگای سەرمایەداری و ڕۆڵی ژنی پێشرەو لە ڕاوەستانی لە بەرانبەر ئەم پەیوەندیە نائینسانیانەی ناو کۆمەڵگای سەرمایە داری ، بە باشی نیشان دەدات.

هاورێ مەرزیە ئەحمەدی ئوسکویی بەڵێنی دابووە هاورێ دایك و هاورێانی کە دیارێکی باشیان بداتی و بەڵێنەکەی بە جێ هێنا.

لە نامەکەی بۆ هاورێ دایك دەنوسێ :

((تو وەك دەریایێکی لە کینە و عەشقی ، کینە بە نیسبەت دوژمنی خەڵك و عەشق بە نیسبەت خەڵك و هەموو ئێمەیش لەم کینە بەربلاوترە، دڵمان پاك دەکەینەوە تاکو زۆرتر پایداری بکەین . . . ڕەسم وایە کە بە خۆشەویست ترین کەسەکان دیارێك دەدەن و من زۆر جار بیر کردوومە بۆ هاورێکی زۆر بە ڕێز چ دیارێکی باش دەتوانم بدەم و لە گەڵ خۆم ووتومە:

"ئەگەر بتوانی هەمیشە وەفادار بیت بە کۆمەڵانی خەڵك و هاورێت. ئەگەر هەمیشە سزاواری ئەوە بیت کە هاورێ دایك ، بە شەهامەت ترین هاورێت خۆش بوێ .

دەتوانی لە دڵوپەکانی خوێنی خۆت چەپکە گولێك ببەستی و ڕۆژێك کە لە ڕێگای ڕزگاری کۆمەڵانی خەڵك دوائین هەوڵەکانت دا و ئەو کاتەی کە ئاخرین فیشەکت لە دڵی دوژمن هاویشتی ، بۆ دایك بنێری . لەوانەیە ئەمە دیارێکی بێت کە بتوانی بە بێ شەرمەزاری بە سزاوارترین هاورێ پێشکەشی بکەیت.

هاورێ دایك ، من بەلێنی ئاوا دیارێك بە تو دەدەم ، قبوولی بکە. تا ئەو کاتەی کە دیارێکەم بۆت بەرێ بکەم.

**یادی بەرێز و ڕێگای پر لە ڕێبوار**

## کۆماری ئیسلامی وەك سەرخانیکی سیاسی دواکەوتوو و هەوڵ و تەقەلای بەمەبەستی بەلاڕێ بردنی بۆ چوونی عەینی و دیالکتیکی بە نسبەت بابەتی دژایەتی وشەر.

سەرانسەری مێژووی مرۆڤایەتی پێك هاتووە لە دژایەتی وشەر لە نێوان چینەکانی ناو کۆمەلگا.

لەگەڵ پەرەسەندی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و بەکۆمەڵ بوونی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان چەوسانەوە پەیدا بوو و چینی چەوسینەری کۆمەلگا بۆ پاراستن و ڕاگرتنی ئەم پەیوەندیە لە هەموو توانای خوێ لە دام و دەزگای سەرکوت بگرە تاکو بەخزمەت گرتنی تیئوریسیە نە بەکرێ گیراوەکان بۆ بەلاڕێ بردنی بۆ چوونی گشتی کە لکی وەر گرتووە.

ئەگەر شەر وەك بەدوا داورویشتنی سیاسەت بەلاّم لە شێوازێکی تر چاوی لێ بکەین و بە دیدیکی عەینی نەك لەچوارچێوەی زەین و فیکر هە لێسە نگێنین ئەوکات دەتوانین شەرەکان بە دوو بەشی ڕەوا و عادەلانە و ناڕەوا ناعادەلانە دابەش بکەین.

ئەوکات دەتوانین بە بێ لەبەر چاوگرتنی پرۆپاگەندەی پووچەل و مەتا فێریکی دەسەلاتداران و ئیئوریسیەن قەلەم بە مزدەکانیان، هەلسنگاندنی عەینیمان بێت لە بابەتی شەر و دژایەتی.

ووتمان کە شەر وەك بەدوادا ڕویشتنی سیاسەتە بەلاّم لە شێوازێکی تر و هەرلەم ڕوانگەوە شەری چینەکانی چەوسینەر بۆ مانەوە و پاراستنیان هەرچەند بەرۆالەت دژی یەکتر بێت بەلاّم لەکۆتایی دا دژی بەرژەوەندی گشتی خەڵك و بۆ سەرکۆتی جوولانەوە و پتەو کردنی ئالقەکانی پەیوەندی چەوسینەرانەیە. هەر بۆیە تەنیا و تەنیا شەرێك ڕەوا و عادەلانەیە کە بۆ ڕووخانی فۆرماسیونی دواکەوتوو و نەهێشتنی پەیوەندی زاڵی چەوسینەرانە و پچرانی ئالقەکانی کویّلایەتی و بەمەبەستی ئازادی و سەربەخویی بێت.

جگە لەمە ناتوانین تووشی شەرێك بین كە بە پرو پاگەندی پووچەل و فریوكارانە و زەینی دیفاع لە خاك و نیشتمان، شەری ئیسلام دژی كوفر، بەربەرەكانی لەگەل ئیستكبار و شەیتانی گەورە وبەكرێ گیراوانی، ئامانجێكی نیە جگە لە بلاوكردنی بیرو بۆ چوونی بەلارێ چووانە و فریوكارانە ئەگەر كۆماری ئیسلامی وەك سەرخانێكی دواكەوتوو فۆرماسیونی ئابووری سەرمایە دارانە لە سەر ئەساسی پاراستنی بەرژەوەندی بۆرژوازی سەنعەتی گرێ دراو و بورژوازی تۆجاری كۆن، پاسداری پەیوەندی و رێ ورەسمەكانی چەوسینەرانەی كۆمەلگای سەرمایە داری لە ئێران و ئالقەیێكی سستە لە زنجیری سەرمایەداری جیهانی لە پەیوەندی لە گەل ئیمپریالیزمی جیهانی وسەركردەی ئەوان ئیمپریالیزمی ئەمریكا، زۆر سروشتیە كە بەدەسەلات گەیشتین، مانەوەی وكردەوەكانی هەمووی دەگرێتەوە بۆ پەیوەندی قوول و پتەوی لە گەل ئیمپریالیزمی جیهانی. وبۆ بە لارێ بردن ولە ئاكام دا سەركوتی خەباتی دژی ئیمپریالستی خەلكی بن دەستی ئێران هەر ئەم توێژە بوون كە دژی جوولانەوەی مەشروتەخوازی راوەستان، لەگەل كودیتای ئیمپریالستی (ئەمریكا– ئەنگلیزی) ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢ چالاكانە هاوكاریان كرد، دەرباز كردن و پاراستنی سەرمایە لە رق وكینەی جەماوەر لە ٢١و٢٢ ڕێبەندانی ١٣٥٧ دروشمی ئەوی یان دا كە هێشتا ئیمام فتوای جیهادی نەداوە، بەهاوكاری ئیورسیەنە تودەئیەكانی لە پشتەوەی دروشمی خەبات دژی ئیستكبار ، مەرگ بو ئەمریكا وشەیتانی گەورە وبچووك كە لە چوارچێوەیكی فیكریە بە جێگای دروشمی عەینی ڕۆژی خەلك كە مەرگ بۆ ئیمپریالیزمی جیهانی و سەركردەی ئەوان ئیمپریالیزمی ئەمریكا وبێ گەی ناوخویی ئەو بوو لە بەر پاراستنی سەرمایە و راگرتنی وەزعی پێك هاتوو هێرشیان بردە سەر بێ گەكانی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و جوولانەوەی دژی ئیمپریالستی خەلك و بە خۆش كردنی شەری ناڕەوا و دژی خەلكی خوی لە گەل عێراق توانی هەر جوولانەوەیێك وەكو دەنگێكی دژ بە سیستەم لە گەرو دا خەفە بكات. مەترسی بەكار هێنانی ووشەی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم لە لایەن كۆماری ئیسلامی بە دروستی دەگەرێتەوە بۆ سەر سیستەمەكەی كە خوێ ئالقەیكە لەم زنجیرەیە هەرچەند سست و لاواز بێت. دروشمی مەرگ بۆ ئەمریكا دەدات لەبەر ئەوەی كە ئیمپریالیزمی ئەمریكا لە ئەمپریالیزمی جیهانی و سەركردەیی سەرمایەی جیهانی جیا بكاتەوە. ووشەی ئیمپریالیزم بەكار ناهێنێ لە بەر ئەوەی كە دەسەلاتی پاوانخوازە نیو نەتەوەیەكان (تراستەكان) و كارتەلەكان) و سەدان پاوانخوازی تری نیو نەتەوەیەیی كە سنوورەكانی دەسەلاتی ئەویان بەزاندووە بەسەر سەرچاوەكان وداهاتی خەلك بەهوێ دەسەلاتی سەرمایە داری حاكم بوون، بشارێتەوە. وخەباتی دژی ئیمپریالیستی نەك لە چوار چێوەی عەینی خەبات دژی ئیمپریالیزمی جیهانی و سەركردەی ئەوان ئەمپریالیزمی ئەمریكا و بەدوای ئەوان دا ئالقەی سست و لاوازی ئەم زنجیرە لە ئێران دا، بەلكو لە چوار چێوەیكی زەینی وەك خەبات و شەر دژی ئەمریكا، دژی كوفر، و..... بەلارێ بەات،.. وبەدوای ئەم سیاسەتە ریسوایە هەندێك گروپ وكەسایەتی لە پشت دروشمەكانی بە روالەت ئازادیخوازانە و بە راستی تەسلیم خوازانە، ئاودەكەنە ئاشی دوژمن و هەوڵ دەدەن خەباتی دژی ئیمپریالیستی خەلك وەك لایەنگری لە قەوام و بێ دەنگبوون لە بەرانبەر كودیتای ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢ ولایەنگری لە فتوای جیهادی خومەینی دژی خەلكی كوردستان وخەباتی دژی ئیمپریالیستی ئەوان و لایەنگری لە شەری دژی خەلكی ئێران دژی عێراق ولایەنگری لە رەوتی ریسوای ٢ جوزەردان، بەلارێ ببەن. وهەندێك كەسایەتیش بە هەلە دەكەونە دوای ئەم دروشمانە و لەبەر ئەوەی كە دیدێكی ورد و دیالكتیكیان بەنیسبەت دژایەتی وشەر نیە و تەنیا لە چوار چێوەی دروشمەكان نەك لە پەیوەندی لەگەل پەیوەندی و رێ و رەسمەكانی بەرهەم هێنان، بابەتی شەر و دژایەتی هەلدەسەنگێنن، تووشی گۆمان دەبن و لە چوار چێوەی فیكری تەسك و سنووردارێان یەكێك بەنال دەدەن ویەكێك بە بزمار و لە كۆتایی دا ناتوانن هەلوێستیان روون بكەن.

بەهیوای سەركەوتن

سیا ملك

## سیستەمی نوێ جیهانی یان جیهانی كردنی سەرمایە

بە هاتنە كایەوەی ، جیهانی بوونی سەرمایە و سیستەمی نوێ ، دژایەتی نێوان هێزی بەرهەم هێنەر وسەرمایە قوولتر ودەبێتەوە و پێدەنێتە قۆناغێكی تر وسەرمایەداری بۆ زال بوونی بە سەر كۆمەلگای جیهانی ، بە كەلك وەرگرتن لە تەكنولۆژی پێشكەوتووو بە لارێ بردنی بیرو رای گشتی وبە خولقاندنی قەیران وشەر ٥ كانی مەنتەقەیی لە ژێر ناوی شەری دژە تیرور ودامەزراندنی دیموكراسی و ئاشتی نێو نەتەوەیی ، یەكەمین هەنگاوەكانی بۆ داسەپاندنی ئەم رەوتە نوێیە هەلگرتووە ،وئەم رەوتە كە لە سنوری‌دەسەلاتی حكومەتی بەزاندووە و هەموو دام ودەزگا كانی بەرێو بەری نێو نەتەوەیی خستووەتە ژێر كاریگەری رەوتی خۆیەوە و بە كردووە وەك ئامرازێك لە رێ قازانج خوازی و بەرژەوەندیەكانی خوێ كەلكیان لێ وەردەگرێ ، ئەگەر لە رابردوودا و لە كاتی دوو جەمسەری بوون دا ولاتانی روژ ئاوا بو بە ر بەرە كانی لە گەل ولاتان سوسیالیستی ، لە رێگای بە هێز كردنی هێزە دوواكەوتووەكان و ولاتانی وابەستە ، سەرمایە و ئیمكانیاتی مادی زوریان بە كار دەهێنا ، ئێستاكە بۆ پەرەگرتنی ئابووری ، پێویستیان بە بێ دەسەلات كردنی سیستەمەكانی دەسەلاتداری لە ناوچە جوراو جورەكانی جیهان هەیە وبۆ ئەم مەبەستە بە دارشتنی ئیستراتیژی هاوبەش و بە كەلك وەرگرتن لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری ، سیستە مە مەزهەبی ونەتەوەیەكان بە كردووە لاواز دەكەن

کۆمپانیاگەورە نیو نەتەوەیی‌یە کان بۆ پەرە پێدان وبەرهەم هێنان و ناردنی بەرهەمە کانیان وبە دەست هێنانی قازانجی زۆرتر ، پێویستیان بە کەرەسەی خاو و بازاری مەسرەفی زیاتر هەیە ، و بۆ بە دەست هێنانی بازاری مەسرەفی زیاترو پەرە پێدانی بەرهەمەکانیان ، دەبێ لە گەڵ ئەو کۆسپانەی لە سەر رێگایانەلابەرن وەك سیستەمە مەزهەبی و نەتەویی کە لە پێك هاتی فەرهەنگی خەڵك دان وئەم رەوتە خۆی دەبێتە هۆی پێکهاتنی قەیرانی نێونەتەویی وهەر بۆیە لە رێگای پروپاگەندە و سیاسەتی شەر دژی تیرۆر وبە کارهێنانی هێز ی چەکدار بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئابووریە کانیان هەنگاو هەڵ دەگرن ، ئە گەر بزووتنەوەی کۆنە پەرەستی تالیبان و حیزبی دواکەوتووی قاعیدە تا دوینێ وەك گورزێك بۆ خولقاندنی شەرکەڵکیزۆریان بوو ، ئەمرۆکە لە ناو بردنیان وەك هێزەکانی تیرۆریست بە کەڵکە و شەر دژی ئەوان بیانویکی باشە وبۆ گەیشتن بە ئامانجە کانیان ودامەزراندنی دەسەڵاتی تازە بۆ بەرژەوندیەکانیخۆیان راستیە کان ئەوەن کە سناریوی ئەم جارە زۆرتر لە جاران دەخایەنێ و بۆبەریوە بردنی ئەوان زۆر دژوارترە ،و سەرمایە داری مۆدێرن بۆ زاڵ کردنی دەسەڵاتی خۆی پێگە کانی سیاسی و نیزامی خۆی پتەو تر دەکات و بە کردەوە دارشتنی پلان وسیاسەت لە لایان کۆمپانیا گەورەکانەوە دەدرێتە دام ودەزگا پێوەندی دارەکانی ئەوانەوە و حکومەتە کان تەنیا رۆڵی بەرێوە بەریان هەیە وبەم شێوازە دژایەتی چینایەتی پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ و چەوسانەوەی خەڵکانی ژێر دەستە ی جیهانی سەرمایەداری لە شیوازێکی نوێ پەرە دەستێنێ هەر بۆیە بۆ پاراستنی

ئەم رەوتە،سەرمایە داری پێویستی بە بە کارهێنانی هێز هەیە و نا ئەمنی لە جیهان پەرە دەستێنێ و گروپ و ئایدئولوژیا جۆراوجورەکان بە شێوازی جوراوجور بەر بەرە کانی رەوتی چەوسێنەری تازە دەکەن کە لە لایەن دەسەڵاتدارنیسیستەمی نوێسەرمایەداریەوە بە تێروریست و پیێشێل کاری ماڤەکانی مرۆڤ ناو دەبرێن و بۆ سەر هەڵدانی هێزو وتاقمە دوواکەوتووەکان کە بە کەڵکن بۆ بە لاریێ بردنی بیرورای خەڵکی و جیا کردنەوەیان لە رەوتە رادیکاڵ و یەکسانی خوازەکان وخەباتی چینایەتی ، بەرنامە وپلانی زۆر گەڵاڵە کراوە و ئەمرۆکە لە سەرانسەر دنیادا ئەم دیاردە بە چاو دەبینرێت و ئەم دەسەڵاتداریە نوێیە کە جیهانی پرکردووە لە شەروکاوڵکاری ونا ئە منی بۆ گەلانی جیهانی بۆبەرژەوەندیەکان وقازانج خوازی کۆمپانیا کانیان کە تەنیا بەرهەمی زیاتر و سوود وەرگرتنی زیاتریان لە پێش چاوە ، ئەمرۆکە زانایانی زانستە جوراوجورەکانی هەموو دنیا یان لە مەترسی پیس بوونی ژینگە وسرۆشت کە سەرچاوەی ئەساسی ژیانی مرۆڤایەتیە ئاگادار کردووەتەوە ،بەڵام سەرە رای هەموو ئەمانە بەرهەم هێنانی زیاتر کە لە رێگای کەڵك وەرگرتنی زیاتر لە لە سەرچاوەسروشتیەکان بە کاردێت و ئەو مادانەی کە ئەگوردێن و بڵاودەبنەوە نێو ئاو وهەوا ودەبنە هۆی تێکدانی هاوسەنگی سرۆشتی وکاریگەریان هەیە لە سەر ئۆکۆسیستەمی هەموو گیانلەبەرانی زەوی وئەگەرهەروەها درێژەی بێت لە ئاکام دا رەوتی ژیان لە سەر زەوی لەگەڵ مەترسی زیاتر بەروە روودەکات وهەربۆیە لە لایەن وحیزب و کەسایەتی وخەڵکانی وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتیش بەر بەرە کانی دەکرێت و رۆژ نیە کە کۆبوونەوە وخۆپیشاندان ونارزایەتی لە جیهان زۆرتر نەبێتەوە . لە لایکی دیکەشەوە شێوازی ژیانی خەڵك دەگوردرێ و مرۆڤەکان زیاتر خۆ دەگرنە ژیانی نوێ وزیاتر هەست بە پێویستی دەکەن و زیاترلە بایخەکانی ئینسانی و بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵ دووردەکەونەوە و ژیانی ماشینی کاریگەریلە سەریان دەبێ وئەمەێش بەرهەمی جیهانی بوونی سەرمایە یە .لێرەیە کە دژایەتی ئاستی ژیانی خەڵك زۆرتر دەبێتەوە و تەنیا رێگای دەربازبوونی مرۆڤایەتی لەم سیستەمە چەوسێنەرە ، نە هێشتنی سیستەمی چینایەتی ودامەزراندنی سوسیالیزمە کە هەموو زەنجیرەکانی کۆیلایەتی کە سیستەمی سەرمایە داری خستوویەتیە پێ مرۆڤایەتی دەپچرێ وئازادی وژیانی دوور لە زۆر وچەوسانەوە بۆمرۆڤ وەدی دێنی..

سەرکەوێ سۆسیالیزم

البرز

---

## ووشەی سیاسی

## ئابووری سیاسی (Economie Politique)

ئابووری سیاسی بریتیە لە زانستی یاساکانی بەرهەم هێنان ودابەش کردنی پێداویستیەکانی مادی لە قۆناغەکانی جۆراوجۆری پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

لە هەمان قۆناغی کۆیلەیی کە ئابووری سیاسی وەك زانستێکی پراتیکی خۆی وەدەخست ناوەرۆکی چینایەتیی دەرکەوت. بەواتای ئەوەی کە چینەکانی دتەسەلات دار لەوی بۆ ئاراستەکردنی ئایدۆلۆژیك ماف یکۆیلەزارەکان بۆ دارابوونهی و چەوساندنەوەی کۆیلەکان وەردەگرن. بەرە بەرە لە گەڵ بوژانەوەی کۆمەڵگا وپەیوەنتدیەکانی کۆمەڵایەتی وئابووری گرینگی زانستی ئابووریش زۆرتر بوو.

ئابووری سیاسی کلاسیکی بۆرژوازی لە مەودای پرۆسەی پەرەسەندنی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری هاتە گوریێ کە نوێنەرانی مەزنی ئەو وەك ((ئادام ئەسمیت)) و ((دەیوید ریکاردۆ)) هەنگاوەکانی گرینگیان لە رێگای تێ گەیشتنی یاساکانی بەرهەم هێنان ودابەش کردنی کۆمەلایەتی پێداویستیەکانی مادی هەڵگرت. ئەم مەکتەبە ئەساسەکانی لێکۆلینەوەی زانستی ئابووری سەرمایەداریان دارشت. بەلاّم ئەم مەکتەبە هەلبەت سیستەمی سەرمایەداری بە بێ کەم و کۆری وهەمیشەیی دەزانی ولایەنگری قازانجەکانی بۆرژوازی بوو کە لە قۆناغەکانی سەرەتایی پەرەمەندنی دژی دەرەبەگایەتی خەبات دەکرد و رۆلی پێشکەوتووی بوو. کۆتاییەکانی هەفدەهەم وسەرەتاکانی سەدەی هەژدەمی زایینی دەورانی بوژانەوەی ئەم مەکتەبە لە ئەنگلستان و فەرنسا بوو. باشترین نوێنەرانی ئابووری سیاسی کلاسیکی بۆرژوازی لەم دەورانە لە مەودای خەباتی خۆیان دژی ئوسولی سەدەکانی ئاوەراست ودەرەبەگایەتی ئابووری، سەقامگیری ئابووری سەرمایەداری و لە ناوبردنی یاساکانی دەرەبەگایەتی لە ژیانی ئابووری داوا دەکردن و لەم رێگایە نوسیت سرۆشتی بوونی یاساکانی ئابووری و بەواتایێکی ئەمرۆژی عەینی بوونی یاساکان بسەلمێنن وهەر بۆیە خەریکی لێکدانەوە و شی کردنەوەی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ویاساکانی ناوخۆیی ئەو بوون.

ئەوان ئەساسی تیئوری بایەخ لـە سەر ئەساسی کاریان داناو لـەسەر ئەم ئەساسە بابەتەکانێك وەك سوودی کلکایەتی و قازانج و سوودیان روون دەکردن. ریکاردۆ هەتا لـەم شی کردنەوە و لـێکدانەوە بە بوونی دژایەتی نێوان هەق دەست و قازانج کرد کە خۆی ئەیاسێکە بۆ تێ گەیشتنی دژایەتی نێوان سەرمایەداری و پرۆلـەتاریا. سەبارەت بە گرینگی ئەم مەکتەبە دەبێ بلێین کە یەکێك لـە سەرچاوەکانی سێ قوولی مارکسیزمیش هەر ئەم تیئوریە پێك دێنێ کە بە شێوەیەکی رەخنە گەرانە و خەلاق لـە لایەن مارکس کەلـکی لـێ وەرگیراوە و لـە هەمان کات دا کەم وکۆریەکانی و بەربەستەکانی چینایەتی ئەو بە شێوەێکی ئەساسی دەر دەخات.

ئیستایش هەندێك روون کردنەوە سەبارەت بە ئابووری سیاسی وردە بۆرژوازی: ئەمە مەکتەبێکە لـە ئابووری سیاسی کە قازانجەکانی وردە بۆرژوازی و گروپەکانی تر کە خاوەن وەزعێکی لـە نیوان بۆرژوازی و پرۆلـەتاریان، دەناسێنێ.

ئەم مەکتەبە لـە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و هاوکات لـەگەلّ توند بوونی ئیفلاسی و مالّ وێرانی بەهەم هێنەرانی بچووك هاتە ئاراوە. سیسمۆندی (Sismondi) لـە سوئیس و پرودۆن (Proudon) لـە فەرنسا و گری (Gray) لـە ئەنگلـستان بەناو بانگترین نوێنەرانی ئەم مەکتەبەن. ئەوان توانیان هەندێك لـە دژایەتیەکانی سەرمایەداری ئاشکرا بکەن و بەهەم هێنانی گەورەی سەرمایە داری لـە روانگەی وردە بۆرژوازیی بخەنە بەر رەخنە. فاکتۆری باش لـەم مەکتەبە هەر ئەم رەخنەگرتن و دۆزینەوەی هەندێك لـە دیژایەتیەکانی ئابووری سەرمایەداریە. هەندێك بابەت لـە پەیوەنتدی لـەگەلّ ئیفلاسی بەرهەم هێنەرانی بچووك و ئاژاوە لـە بەرهەم هێنان، بەردەوام بوونی قەیرانەکان لـەلایەن ئەم مەکتەبە پێداچوونەوەکانی بەسەرکراوە بەلاّم نوێنەرانی ئەم مەکتەبە ئاگایان بە ناوەرۆك و ئەساسی دژایەتی سەرمایەداری و رێگاکانی پەرەسەندنی ئەو نەبوو. پێشنیارەکانی ئەوان هەندێك خەیالّی و بە پێچەوانەی زانست و هەندێك دواکەوتووانە و بە پێچەوانە روحی پەرەسەندنی کۆمەلـّگا بوو. لـەم کاتەدا پاشماوەکانی ئەم مەکتەبە لـە ولاّتانی ئیمپریالـستیی پەیدابوون و پەرەسەندنی پاواخوازەگەورەکان ئاکامی پەرەسەندنی عەینی و حەتمی کۆمەلـّگای سەرمایەداری دەزانن و حاشا لـەوێ دەکەن کە دەولّەت لـە راستی دا ئامرازێکە لـە دەستی سەرمایەکانی پاوانخوازی و لـەم بوارەدا کە بۆچوونێکی خەیالّی سەبارەت بە دەولّەت و ناوەرۆکی ئەم تەبلیغ دەکەن رۆلی خراپ دەبینن و لـە هەندێك لـە ولاّتانی خەریکی پەرەسەندن لایەنگرانی ئەم مەکتەبە زۆرجار لـە جوولانەوەی دیمۆکراتیکی گشتی ودژی ئیمپریالـیستی بەشداریان کردووە بەلاّم ناتوانن ئاسوویەکی روون و رێگایکی دروست لـە پێش کۆمەلـّگای خۆیان و بوژانەوەی ئابووری سەربەخۆ پێشنیار بکەن.

سەبارەت بە ئابووری سیاسی مارکسیستی دەبێ بلێین کە پەیدابوونی ئەو پەیوەندی هەیە بە پەیدابوونی پرۆلـەتاریا وەك هێزی چینایەتی سەربەخۆ. مارکس وئەنگلـس رێبەرانی مەزنی بزووتنەوەی کرێکاری لـە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم، شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریان بە شێوەێکی ورد و هەموو لایەنە خستنە بەر لـێکدانەوە و هەلـّسنگاندن و شی کردنەوە و لـەکەلـّك وەرکرتن لـە فاکتۆرەکانی زانستی ئابووری سیاسی کلاسیکی بۆرژوازی، ئابووری سیاسی پرولـەتری وەك زانستێکی رێك و پێك دارشتن کە ئێستا بەشێکی گرینکە لـە بەشەکانی پێك هێنەری تیئوری گشتی مارکسیزم– لـینینیزم.

پەیدابوونی ئابووری سیاسی مارکسیستی شۆرشێکە لـە مێژووی ئابووری سیاسی. ئەم مەکتەبە خەلاقە هەموو بابەتەکانی ئەسیاسی ئابووری روون دەکاتەوە و بەردەوام لـە باری زانستی دەولّەمەندتر دەبێ. ئەم مەکتەبە پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکان و چینەکانی کۆمەلاّیەتی و پەیوەندیەکانی ئابووری و بەرهەم هێنان لـە تەواوی پەیوەندیەکانی کۆمەلاّیەتی و یاساکانی عەینی پەرەسەندنی ئابووری و چونیەتی دامەزرانی سیستەمێکی کۆمەلاّیەتی بە جێگای سیستەمێکی تری کۆمەلاّیەتی دۆزیوەتەوە و روونی دەکات. زانستی ئابووری مارکسیستی توانیدە یاساکانی عەینی ناوخۆیی پەیدابوون، پەرەسەندن و لـەناوچوونی حەتمی شێوەی بەرهەم هێنانی سەمایەداری بەشێوەێکی زانستیانە بسەلمێنن. لـەو بوارەدا کە سیستەمی ئابووری ئساس و پایەیەکە کە هەندێك سەرخانی سیاسی بەسەری ئەودا دەمەزرێ، مارکس گرینگی تایبەتی بە لـێکدانەوە و دۆزینەوەی یاساکانی عەینی و ئابووری سەرمایە داری دەدا، کتێبی ((کاپیتال)) یان سەرمایە نووسراوەی مارکس تایبەتە بەم شی کردنەوە و لـێکدانەوەیە و لـەوی دا رازی چەوساندنەوەی سەرمایە داری و پەروەندیەکانی ئابووری نێوان کار و سەرمایە، دژایەتی یچینایەتی لـەم کۆمەلـّگا و چوینەتی گۆرینی شۆرشگێرانەی ئەو بە کۆمەلـّگایەکی سوسیالـیستی روون کراوەتەوە. ئەساسی ئابووری سیاسی مارکسیستی تیئوری زێدە بایەخ (یان زێدەباری)ە کە ئەساسی چەوساندنەوەی سەرمایەداری ئاشکرا دەکات. ئەرکی مێژوویی چینی کرێکار، رۆلی رێبەری کردنی ئەو لـە رووخانی سەرمایەداری و بنیات نانی سوسیالـیزم لـە سەر ئەساسی ئەم تیئوریە دانراوە. زانستی ئابووری مارکسیستی بەم شێوەیە چەکێکی بە هێزی خەبات و رێنمای کاری ئەحزابی کۆمۆنیستی و کرێکاریە. دۆزینەوەی یاساکانی قۆناغەکانی کۆتایی سەرمایەداری واتە ئیمپریالـیزم و پەرەسەندنی زانستی ئابووری مارکسیستی بە جوانترین شێوە لـە لایەن لـینینەوە ئەنجامی گرت. هێزی بوونی زانستی ئابووری مارکسیستی لـە پەیوەندی پتەوی لـە گەلّ راستیەکان و ناوەرۆکی خەلاق و بەردەوامی پەرە ئەستێنەری ئەو شاردراوتەوە.

ئەم زانستە بە هۆی پەرەگرتنی بەدەوامی ئەزموونی پەرەسەندنی ئابووری سەرمایەداری و خەباتی چینایەتی پرۆلـەتاریا و بزووتنەوەی دژی ئیمپریالـیستی و بنیات نانی سوسیالـیزم و کۆمۆنیزم بەردەوام لـە باری زانستی دەولـّەمەند دەبێ.

تازەترین راگەیاندراوەکانی رێکخراو لـەناونیشانی ئەنتیرنیت وەرگرن !

www.fedayi.org

ناونیشانی پوستی ئەلـکترونیك

webmaster@fedayi.org

ناونیشانی پوستی ئەلـکترونیکی

کۆمیتەی کوردستان

Kurdistan@fedayi.org